# ئارەزووە سەوزەکان

**کورتە چیرۆك**

**فایەق جەمیل**

**ئێوارەیەکی درەنگ رۆژ لە کشان بو، تەنیا تیشکێ باریك و بێ هێز سور تاوێ زەرد تاوێکی دی لە تیخی پەنجەرەکەی سەر کۆڵان خۆی گەیاندوبووە ناو هەیوان لەولاش هاژەهاژو فرکەفرکی مەلێ و کێشولەکانی سەرداره تووەکەی ناو حەوش ئاسمانیان پڕ کردبو. حاجی کەریم شەکەت وبێ هێز بە کیسەی دەستی یەوە بە هەنگە هەنگ گەیشتەوە ماڵ کەسی بەدی نەکرد بە ئاسپایی خۆی هەڵدایە رۆخی قولەتێنەکە دووقڵە تووی کۆن وئیشکی هاویشتە زار، سەری هەڵبڕی لەبەر خۆیەوە ئەیورتان {ماڵتان کاول بێ کێشولەێنە، قڵە تووەکیان بە دارەوە نەهێشت، یەك چەند خۆراکن قڕانتان تێ کەوێ }.....دارە توو چ دارە توو...!! لوتکەی لە هەموو کۆشك و سەرای دەراوپشتی ماڵێ حاجی بەرز تر ئەستوریەکەی بەقەد باوەشی دوو پیاوی کەڵەگەت وبەخۆوەدەبو قڵە گەیوەکانی بەقەد دەنکە قەسپێك،کەس نەبوو لە خزمان ودراوسێ تووی ماڵی حاجی نەخواردبێ،تەنانەت دارەکەش سەرتاپە بوبوە مەیدانی یاری وگەمەی منالان . حاجی کەریم بێزارو ماندو تەماشای ئەولاوئەولای خۆ کرد دەنگی هەڵبڕی :**

**-- خەجاو ...کچێ خەجاو.. کوا دوگردەکە نوێژی عەسرێم چوو..**

**خەجاو وەك گوێی لەهیچ نەبوبێ سەلامی راست وچەپی دایەوە دوگردەکەی پێچیەوە بەرەو پیل حاجی، بێ یەك و دوو بە تورەیەوە دوگردەکەی نایە دەست پێ ووت :**

**_ وا دیارە ئیمرۆش سەرت لە دختۆر نەدایە...!!**

**چەند ساڵە حاجی بە نەخۆشیەوە دەناڵی زۆر جار ئەیگەیاندە رۆخی قەبر، هەرگیز خۆی نەدەشێواند ئەی ووت : خەڵکینە مردن بە دەست خوایە کێ ئەزانی کەی دەمری ..؟**

**__ خەجاو قسەی خۆمان بێت من پێویستیم بە دختۆر نیە ، نابینی وەك تۆپ وام ... وازم لێ بێنە.**

**__ بەڵێ...!! وازت لێ بێنم .... نرکە نرکی شەوانت دەزانی... تو خوا ئەمەش چاکەم .. ئەرێ پیاو بۆ هەندە بێ وەفان ..!! ؟**

**_[بە درێژایی شەو بە دیار حاجیەوە کوتکە خەو دەمباتەوە، ئەترسم لەبن پاڵم تەواو بێ ، دەم نادەم رادەچەنم دڵم خرپەی دەکات،سینەی هەمانەی ئاسنگەر ... فرکەفرکی چاوانی وپرخەپرخی شەویان لێکردومە هات وهاوار ، هانا دەبەمە بەر رەحمەتی خوا مەرگی نەبینم ئەپارامەوە رۆژێ سەعاتێ پێش ئەم بۆ خۆیم بباتەوە ] .**

**حاجی لە نوێژ بۆوەو دوگردەکەی پێچیەوە وردە وردە خۆی سوك کردو جل و بەرگەکانی نایە سەبەتەکەی تەکیەوە خۆی دا پاڵ سەرینە باگردینە توکاویەکەی لاقانی بۆ درێژ کرد ئینجا رووی کردە خەجاو:**

**_ بەراست خەجاو خۆ تۆ لە من نەخۆش تری خوا سەلامەتت کە ئەی بۆ خۆت پیشانی دختۆر نادەیت... .؟**

**خەجاو لێی هاتە پێش بە توندی هاتە وەڵام :**

**_ بە زاتی خوا چاوم بە دختۆر ناکەوێ.. تۆ دەڵێی چی....!! تێت دەگەم دەتەوێ تەلەم بۆ بنێتەوە... من ژیانم بۆ چیە پاش تۆ..خوا بەم رۆژەی نەکات, حاجی لە فیتی خەجاو گەیی لەبەر خۆیەوە ئەیورتاند (سی ساڵە سەرمان لێك ناوە بە خۆشی وناخۆشی، خوایە بە رەحمەتی خۆت لەم شەوە زوتر نیە.... مردن حەقە..) ..هەر ئەوەندەو حاجی لێی راکشاو لێفەکەی کێشا سەر خۆ بێ وەی روو بکاتە خەجاو بەئاسپایی وتی :**

**_ بابیکەینەشەو بەیانی خوا یەکەو هەزار قەرار ، گەر بۆمان کرا بەیەکەوە سەر لە دختۆر دەدەین.**

---

**_[مام حاجی تەندروستیت چاکە شك هیچ نەخۆشیەکت لێ ناکەم ، پیریش شەرم لە کەس ناکات وا هەندێ دەرمانت بۆ دەنوسم سەرو مێشکت بێتەوە سەرخۆ ]،قسەکانی دختۆری بەهەند وەرنەگرت دایە پشت گوێی، خەجاوی دا پێش و وتی :**

**_ کاکەی دختۆر ئەبێ خەجاو چۆن بێ..؟ .. بەردەست دختۆر راکشاو ئەیوت :**

**_ دختۆر بەراستی چ عەیبم نیە منی پێ ناوێ...شوکر حاجیش تەندروستی چاکە**

**دکتۆر لە پشکنینی تەواو بو وتیە پورێ :**

**پورێ ماندوی پەستی خوێنیشت هەندێ بەرزە ئەم دەرمانانە ی بوت ئەنوسم تەواو بەکار بێنە هەندە نابە ئەگەڕێتەوە دەقی جاران ،**

**بە جوتە گەرانەوە ماڵ ناوناویش خەجاو لەبەر خۆیەوە ئەیوت (ئۆخەی هەزار شوکر ... مەرگت نەبینم حاجی ..)**

**هاوین داشکاو گەرمایی لە تێن کەت، پایزە تۆزوبا ئاسمانی شێواند ،دارەتو رووت بۆوە گەڵاو پەڵکانی زەرد هەڵگەران و هەڵوەرین،کێشولەکان لە هەڵە پاسی کەوتن حاجیش لە کۆکەکۆکی خۆێ بەردەوام ماندووبێ هێز تارادەیەك هاتوچوی دوکانەکەی بۆ ناکرێ، ئیمرۆ ساردەو ، ئیمرۆ بارانی پێوەیە وادەبو لە هەفتەیێ رۆژێ دەرنەدەچو دوێنێ نەبێ رووی کردە خەجاو :**

**_ خەجاو ئیمرۆ بەهارە رۆژێ زۆر خۆشە هەست و دەرونم زۆر قینجە ئەم سەبەتەم دەرێ با سەرێ لە دوکان بدەم ودوو موسلمانان ببینم .**

**ئیدی هەر نیوەرۆی ئەم رۆژە بەهارە بانگ لەبنە گوێی مەلابو دایان لە دەرگا ووتیان :**

_ پورە خەجاو تۆ خۆش تەرمەکەی حاجی ڕەحمەتیان بە مزگەوتی گەورەیان ڕاسپارد ئەمەش کلیلەکانی دوکان . پورە خەجاو لەگڕمەی گڕیان ئەیوت : هەزار ڕەحمەت لە گۆرت ...حاجی خۆزگەم بە خۆت..ئاخری خوا بەتۆی دا ...

ئوستراليا